هەشتەم: نزیکبوونەوەی پەیدە و هێزی سوریای دیمۆکرات دەبێتە هۆی تووڕەبوونی ڕوسیا، ئەمەش ڕەنگە سەرنجامەکەی گرانی هەڵوەستی سوریا بێت لەژێر داوای ڕوسیادا، گەر ئێستاش نەبێت ، ڕەنگە لە ئایندەدا. ڕەنگبوایە گەر پەیدە ئەو نزیکبوونەوەی لە ڕوسیاوە بوایە باشتربوایە چونکە ڕوسیا هاوپەیمانێکی زیاتر متمانە پێکراوە تاکو ئەمەریکا. هەروەها لەوە دەکات کە ئێستا لە دەستداتدا بەهێزتەوە و زیاتریش گوێ بە ڕوسیا دەگرێت. ئا لەو بارەدا دوای وەستانی شەڕ ئێستا لەژێر فشاری ڕوسیادا لە ڕۆژاوا دەگەڕا، تاکو ئایندەیەکی باشتری هەبێت ، باشتر لەوەی کە ئەمەریکا و ڕۆژاوا ڕەنگە بۆی دیاریبکەن.
بۆ ئەی من لە دوای جەنگی کۆبانی و ڕزگارکردنی گوندەکانی ئەو دەڤەرە، دەبوایە یەپەگە و یەپژە هەر لە هەوڵەستی بەرگریی-دا بمانایەتەوە، لە بری هەڵشکاریی. دوای ئەو جەنگە پاڕوانانە و هاتنەناوەوەی ئەمەریکا و ڕوسیا، شەڕەکە لەشەی هێزەکانی ڕۆژاوا و پەیدە تا ڕادەیەکی زۆر دەرچووە و بووە بە شەڕی ڕوسیاو ئەمەریکاو تورکیا و سوریا. هاوکاتیش پەیدە دەبوایە باشتر مامەڵەی گەڵانکاریەکان و هاوکێشەی هێز و بەرژەوەندی ڕۆژاوای بکردایە .

هەروەها دەبوایە پێدەدەستەاتی زیاتری بە تەقدەم و خەبەوبەرییەکان بهەایەتەوە تاکو ئەوان بەزەرینە بیار لەسەر شەە و ئاشتی بدەن.
ئێستا بە ئاشکرا دەبینین کە سروشت و ئاەاستە و جەوهەری شەەکە گەەاوە و بووەتە شەەی زلهەزەکان و هەندەك لە وەاتانی ەەژاواو حکومەتەکانی ناوچەکە بە هەرەمیشەوە. ئەم شەەش شەەی پاوانخوازیی و بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووریی هەموو ئەو لایەنانەیە، نەك کورد لە ەەژاوادا.
بە بەدبەختی، ئەم بارودەخەی ئێستا ، لەوە ناکات سەرەنجامەکی باشی هەبەت. لەوە دەکات کە داعش لە موسڵ و ەەقە دەرکران ئەو کاتە شەەکە بکەوەتە ەەژاوا و شەنگاڵ و قەندیل. وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە پلانە و لە لایەن بارزانی و تورکیاوە بە ئاگەداریی ئەمەریکا و بریتانیا و ئەەمانیا و ەەنگە ئەرانیش لەی بە ئاگابەت.

Zaherbaher.com

پەەفیسەر قەناتی کوردە: ژیان و بەرهەمەکانی … نووسینی: زانکۆ یاری

نووسەر و زانای مەزنی کورد، پەەفیسەر قەنات کەاشڤیچ کوردیەف (Prof. Qanatê Kalashevich Kurdo) لە 30-9-1909، لە گوندی سڵسز (Sûsiz) سەر بە پارێزگەی قارسی (Qersê)باکووری کوردستان (دەوڵەتی عوسمانی)، لەدایکبووە و ناوی تەواوی "قەنات کۆی کوردە کۆی کەلەش کۆی خدر" بووە.

لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی1918 ، کە تورکەکان بەسەر ئەرمەندا زاڵبوون، لە دوایی دەساوێژی دەوڵەتی فاشیستی تورکدا، بنەماڵەی قەنات و خەڵکی ئاواییەکەیان خۆیان لەچنگی تورکەکان ڕزگار کردوو بەرەو ناوچەی ئاپارانی (Aparan) سەر بە پارێزگەی بڕیڤانی ئەرمەنستانی ژێر دەستی ووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو –USSR) کەوتنەە و لە گوندی کەربلاخ (Kurbolakh)نیشتەجێ بوون،

خەڵکی گوندەکە هەموویان کوردبوون و هەر لەو ساڵەدا تورکەکان ناوچەی ئاپارانیان داگیر کرد، بەتایبەتی گوندەکانی کورد، بۆیە ماڵی قەنات ماوەیەك دەربەدەر بوون و لە دواییدا گەڕانەوە ئاپاران. باوکی کە پێشتر جوتیار بوو، بە حەماڵی گوزەرانی دەکرد، هەروەها بنەماڵەکەیان لەسەر ئایینی ئێزیدیش بوون.

لە ساڵی1920 دا ڕووسیان کردە گورجستان و لە شاری تەبلیس (Tbilisi)سەقامگیر بوون و ملیان دایە هەنجبەری، باوکی لە1921 دا کۆچی دوای کرد و پەروەردە کردنی ئەو کوڕە 12ساڵییە کەوتە ئەستۆری دایکی. لە ساڵی 1922، لە قوتابخانە شەوو ڕۆژیەکەی هاگۆب گازاریانی ئەرمەنی ناسراوبە لازۆ (Hagop “Lazo” Ghazaria)دەستی بەخوێندن کرد و ئەو زانایە بە پیتی لاتینی ئەرمەنی فێری کوردی بوو و دوایی ژنەکەشی زمانی ئەرمەنی فێری کرد.

قەناتی کوردۆ لەساڵی 1928دا خوێندنی سەرەتایی لەو قوتابخانە تایبەتیە تەواو کرد، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ هەندێک لە لاوانی کوردی ئەرمەنستان وەکوو عەرب شەموو (Erebê Şemo)لەگەڵ هەجدە لاوی دیکە بۆ شاری لێنینگراد (Leningrad)ڕۆکەوتن. قەناتیش لەگەڵ ئەم گرووپە بوو و لە ئەنستیتۆی زمانناسی (زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵات) دەستی بە خوێندن کرد، ئەم گرووپە دوای ماوەیەک یەکەم گۆڤاری کوردی بڵاو دەکەنەوە. پاشان لە ڕشتەی زمان و ئەدەبی کوردی زانستگای پترزبۆرگ (Petersburg) وەرگرۆا و لە کۆلیژی کارگەران لەشاری لێنینگراد وەرگیراو لەساڵی 1931دا ئەو کۆلیژەی تەواو کرد، کە بەرامبەر قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بووە و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا قەنات و دوو هاوڕێی کوردی کۆلێژی زمانەوانەی زانستگای لێنینگراد وەرگیران. لەساڵی 1936دا کۆلێژی ڕۆژهەڵاتی لە ئەنستیتۆی مێژوو و توێژینەوەی ئەدەبی و زمانناسی لە لێنینگراد تەواو کرد و هەر ئەو ساڵە لە بەشی دوکتۆرا وەرگیرا. لە 20ی پووشپە ی 1940دا بەرگری لە تێزەکەی (لە مەڵ زمان و ئەدەبی کوردی) کرد و پلەی دوکتۆرای وەرگرت. لە دوایی جەنگی جیهانی دووەمیش وەکوو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی وانەبێژ بوو.

لە ساڵی 1941دا خوێندنی باڵای تەواو کرد و بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرت و لە پەیمانگای ئەسنۆگرافیای ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت دامەزرا، دوای ماوەیەکی کەم نێردایە “فابریقەی شەفەقی سوور” تا مانگی شوباتی 1942 دوکتۆر قەناتی کوردۆ لەساڵی 1945دا بووە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا و لەپاش جەنگ بوو بە مامۆستا و زمانی کوردی بە خوێندکارانی بەشی ئێرانی دەگوتەوە. لەساڵی 1947ەو

تاکوو 1960 سکرتەری لیژنەی ناوچەی پارتی کۆمۆنیستی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناس بووە لەو شارەی لێنینگراددا تاکوو ساڵی 1958قەناتی کورد و ئیسحاق سوکەرمان (Îsahak Sûkêrman)و مارگریت ڤودینکۆ (M. B. Rūdankū) لە بەشی ئێرانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی خەریکی کوردناسیی بوون.

لەساڵی 1958دا بەشی کوردناسی لە ئێنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی سن پترزبۆرگ بە یارمەتی ئێربەللی ڤووسی (Hovsêp Orbêlî) سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناس جیاکرایەوە و بووە بەشێکی سەربەخۆ. لە دوایی یەک ساڵ ئەم بەشە بە قەنات سپێردرا و هەتاکوو مەرگی خۆی ئەم ئەرکەی بە ئەشق و ئیرادە بەسەر برد. ئەم پیاوە مەزنە لە 8ی 1947ە وە مامۆستای یاریدەر بوو، لە 23ی 1950وە بە باسکارێکی زانستییانە، لە بەشی دیراساتی ئێرانی سەر بە ئەنستیتۆی تۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتی لێنینگراد دامەزرا و دوای دامەزراندنی بەشی دیراساتی کوردی، لە ساڵی 1955وە کرایە سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی ئەو کۆتایی ژە. (لەسەرەتادا ئێربەللی خۆی بووە سەرۆکی، بەڵام لەدواییدا دوکتۆر قەناتی کوردۆ بە سەرۆکی بەشەکە هەڵبژێردرا). مامۆستا قەنات لە ساڵانی (1939-1941) و (1945-1953)دا لە زانستگای لێنینگراد وانەبێژ بوو و لە ساڵانی (1939-1941)دا لە بواری دیراساتی کوردیدا باسکاری زانستییانەی ئەتنۆگرافیا بووە.
ئەوەی شایانی گوتنیشە دوکتۆر قەنات لە ساڵی 1968دا بڕوانامەی دکتۆرای "ناووك" واتە دوکتۆرای زانستەکانی وەرگرت و پلەی زانستی بووەتە پڕۆفیسۆر. هەروەها قەنات تەنیا ئەندامی دەرەکی کۆی زانیاری کورد لە کوردستانی ئێراق بوو.
کوردناس، پڕۆفیسۆر قەنات، هەتاکوو ڕۆژی کۆچی دوایی لە 18ی نوامبری 1985دا (5ی ربیع الاول 1406 ه.ق) وەك سەرۆکی بەشی کوردی و زانایەکی مەزنی کورد و کوردناسێکی دڵسۆز و لێهاتووی نەتەوەکەی خزمەتی زمان و وێژەی و مێژووی کوردی کرد و بەڕۆز و حورمەتی زۆرەوە لە شاری لێنینگراد بە خاك سپێردرا. پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ گەلێك بەرهەمی بەنرخی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. بەو بابەتانەوە کە لە کوردیەوە بۆ ڕووسی وەرگێڕاون، زۆرتر لە 100تۆژینەوەی زانستییانە لە بواری ئەدەب و مێژووی کوردەوە نووسیوە کە دوایی لە گۆڤار و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا بڵاوە بوو.

هەندێ لە بەرهەمەکانی:
1-تەحویری مێژووی کورد لە زانستی مێژوویی بڕوازیی فارس، (1954)
2-خەباتێر ئابۆقیان وەکوو کوردناس و ئەسنۆگراف، (1955)

3-بیروباوەڕی ناڕاست لەبارەی زمانی کوردییەوە، (1955)
4-پەرتووکی ڕێزمانی کوردی – ئێرەوان، (1956)
5-کورد لە پەرتووکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (1957)
6-ڕێزمانی کوردی (دیالێکتی کورمانجی ژوور)، مۆسکۆ، (1957)
7-فەرهەنگی زمانی کوردی بۆ خوێندکارانی سەرەتایی، مۆسکۆ،(1957)
8-دیرۆکەکانی ڕۆستەمی زاڵ لە نێو کوردەکان، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، (1976)
9-کۆمەڵێک لە چیرۆکە فۆلکلورەکانی کوردی، چاپی بەغدا، (1978)
10-ڕێزمانی کوردی (بە هەر دوو دیالێکتی کورمانجی ژوورو و ژێرۆ)، مۆسکۆ، (1958)
11-فەرهەنگی (کوردی-ڕووسی)، مۆسکۆ، (1960)
12-زمانی کوردی، لە زەنجیرەی (زمانەکانی دەڤەری ڕۆژهەڵات و ئەفریقا)، مۆسکۆ، (1960)
13-پەرتووکی کوردناسیی، (1961)
14-وەرگێڕانی چیرۆکی سێقا حاجی بە ڕووسی، مۆسکۆ، (1962)
15-زمانی کوردی، چاپی فرانکفۆرت ئاڵمانیا، (1981)
16-فەرهەنگی کوردی – ڕووسی شێوەی کورمانجی باشوور، (1983)
17-فەرهەنگی کوردی سۆرانی – ڕووسی ، (1983)
18-ئەحمەدی خانی و بەرهەمی وێژەیی.
19-دروستبوونی وشە لە زمانی کوردیدا.
20-کوردی سۆڤیەت لە وێژەیی کوردی دەرەوەدا.
21-بیروباوەڕی قارەمانیەتی لە بەرهەمی وێژەی ئەحمەدی خانیدا.
22-وەرگێڕانی چیرۆکی دەمدەم و قەڵا بە ڕووسی.
13-لێکۆڵینەوە یەک بۆ کوردی زازاکی.
24-ئیزدی و مێژووی ئیزدیەکان..
25-لێکۆڵینەوەیەک بۆ ئەدەبی زارەکی کوردی. …

سەرچاوەکان:

-1کاشۆڤیچ کوردۆیۆف، قەنات، کوردناسیی. و: ڕەوف حەسەن، وەزارەتی ڕۆشنبیری (بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان)، سلێمانی 2007.
-2روحانی، بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کورد (عرفا، علما، ادبا، شعرا)، جلد دوم، چاپ سوم-سروش 1390.
-3 خەزنەدار، دوکتۆر مارف مێژووی ئەدەبی کوردی، سەدەکانی چواردەم-هەژدەم، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003.
-4یاری، زانکۆ، زبان و ادبیات کوردی، پیشینه و مسایل اجتماعی- مقاله، بخش سوم (نامدران کورد در ترکیه)، خاکەلێوەی .1395

-5
سالیا_زانا_ونقیسەر_کور_Http://www.kurdipedia.org/lng=1&q=100
د_قەنا تێ_کوردێ
Boyik, Eskerê (27 October 2004), Qanatê Kurdo: Zanyarê Kurd-6
Ê bi Nav Û Deng original (PDF) in Kurdish, Peyama Kurd
(published 5 November 2004), p. 15, retrieved 30 December 2016
.
zanko.yari@yahoo.co.uk

نووسینی: زانکۆ یاری
کارناسی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی

★نەرجسیەتی قەزافی لە ڕۆمانی "دواهەمین شەوی سەرک"دا … نوسینی: درێو مهدی

ئەم پاش دوو ڕۆژ لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بووم‌وە کە ڕۆمانێکی قەبارە مام ناوەندە بە بڕی ٢٢٩ لاپەڕە.
ڕۆمانەکە لە نوسینی نوسەری جەزائیری "محمد مولسهول" ناسراو بە "یاسمینە خەزرا"یە و وەرگێڕی کورد "ئازاد زەرزنجی کردوێتی بە کوردی و ناوەندی ئەندێشە چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

بە بۆای فەیلەسوفانی بواری دەروناسی نەرجسیەت"خود پەسەندی" یاخود "خود شەیدایی" جۆرێکە لە تێکچوونی کەسێتی کە هەستکردنێکی نا ئاسایی بە خۆشویستنی خود و خۆ بەگەورە زانین.

ئەگەر بە وردی سەرنجێک لە قەناغەکانی ژیانی دیکتاتۆرەکان بدەین دەبینین گەیشتنە لوتکەی "نەرجسیەت" تیاندا وایکردووە کە لە عەرشی فەرمانڕەوایی بهێنرێنە خوارەوە و ئەم نەخشیە دەرونیە سەری بە باداون.

لێرەدا چەند نیشانەیەکی ئەم نەخشیە دەرونیە دیاری دەکەین:

١.ئەم کەسانە بەردەوام وا هەست دەکەن کە خەیان لە بەرزایدان و کەسانی تریش هەموویان لە خواریەوەن.

٢. زۆر لە خەی ئازیەو وا دەزانێت لە هەموو کەس جوانتر و باشتر و عاقڵتر و زیرەکترە.

٣.کەسی توشبوو بەم نەخشیە هەمیشە هاوسەز و هاوخەمی بە بەرامبەرەکانی کەمە.

٤.زۆر سەرسامە بەکارەکانی خەی و ڕەخنە و توانج و لەمەکردن قبوڵ ناکات و پەی توڕە و دەمارگیر دەبێت.

٥.هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەرامبەر قورس و گرانە.

٦. هەمیشە حەزدەکات بەرامبەرەکانی بە فرمانی ئەم بجوڵێنەوە و هەڵسوکەوت بکەن.

دەروناسی نەمساوی "سیگمەند فرەید"پەی وایە ئەم نەخشیە بەشێژەی جیاواز لە هەموو کەسدا هەیە و هەموو کەسێک بە شێک لە "نەرجسیەت"ی تێدایە.

بەم پەیە، لە باری و نا لەباری ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی کەسەکە دەبێتە هەی توش بوون و گیرەدە بوون بەم نەخشیە.

ئەگەر چی شارەزایانی بواری دەروناسی پەیان وایە کە دەروناسی نەمساوی "فرەید" لە سەدەی نۆزدە بە سەدەی بیستەم ئەم نەخشیەی دەزیەوە بەناو بە بەوای "ئیدوارد سەعید" فەیلەسوفی فەلەستینی-ئەمریکی،ئەم نەخشیە مەژوویەکی کۆنتری هەیە و سەردەمی "نەرجسیەت" و گەورە تەماشاکردنی خود و کەمکردنەوەی ئەوانی تر و مەژووی ئەویتر، بە سەزدەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە خەیان دەردەخست وەک منەکی گەورە و باڵا و سەپەرمان و ئەویترەکی ئوخاو نەزان و ناشارستانی.

واتە، لەو سەردەمەوە تا ئێستا ئەم نەخشیە دیکتاتۆر بەرهەم دەهێنێت لە مەژوودا.

شارەزایانی دەرونی پەیان وایە ئەم نەخشیە دوای تەمەنی ١٨ ساڵی دەردەکەوێت، ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دەبنە هەی توشبوون بەم

نەخشیە، بریتین لە "زەر سەرسامبوون بە کەسەکە لە منداڵیدا لە لایەن دەوروبەریەوە و گرنگی پێدان و خۆش ویستنی زەر لە قۆناغی منداڵیدا لە لایەن دایک و باوکەوە" وە بە پێچەوانەشەوە" دەرنەبینی سەز و عاتیفە بە منداڵ کە وا دەزانێت هیچ بە هاو گرنگیەکی لای ئەوانی تر نیە و کەموکورتی لە کەسایەتیدا هەیە".

نوسەر،لەم بەشەدا دەیەوێت پێمان بڵێت: کە خۆش گوزەرانی و گرنگی پێدان و خۆش ویستنی زەری دایک و باوک و گرنگی دان بە قەزافی لە لایەن دەوروبەرکەیەوە لە سەرەتای منداڵیەوە وای لێنەکرد کە توشی نەرجسیەتێکی لە ئادەم بەدەر ببێت، بەڵکو پەراوێز خرانی ئەم کەسە و نەبوونی سەزی دایک و باوک و هەستکردن بە کەموکورتی و بە بەهایی و تەماتبارکردنی بەوەی کە کەسەکی"زەن"، توشی لادان و نەرجسیەتی کردووە.

"کە منداڵ بووم بە پانتۆڵکی پینە پینە و جوتێک نەعلی شڕاوە برسەتیم چەشتووە، بە پەخاوسی بەسەر چووە داخەکاندا پیاسەم دەکرد، چواردەورم بەدبەختی بوو، هەژی تاقە ژەمەکم دەخوارد،کاتێ برنج نادەما خواردنی بەردەوامم لاسکی هووکەکان بوو، شەوانە وەختێ لە ژێر پەتووەکەوە لەتاو سەرما خەمم گرمەڵە دەکرد،هەردوو قاچم بەسکمەوە دەنوساند،جاری وا هەبوو خوونم بە ئانێ مریشکەکەوە دەبینی و لیک بە دەممدا دەهاتێ خوارێ". ل٢٦.

بەدەم سزادانی لە لایەن قەزافیەوە، بەدیلگیراوێک هاوار دەکات" موعەمەر،تۆ بە زەڵی لە دایک بوویت، موعەمەر تۆ زەڵیت،زەڵ". ل١٢٧.

قەزافی سەرکی پێشووی لیبیا لە شەست و سەهەمین ساڵی تەمەنیدا بەهەی گەیشتنە لوتکەی دیکتاتۆریەت لە دەسەڵاتدا لە لایەن گەلی لیبیاوە کەتایی بە دەسەڵاتی هێنرا.
"ئەم ئەواریە پاش شەست و سێ ساڵ وا هەست ئەکەم ئەستێرەکانی ئاسمانی سیرت کەم بونتەوە مانگێ چواردەکەشم هیچی لێ نەماوەتەوە".ل١٩.

یەکێک لە نیشانە هەرەدیارەکانی نەخۆشی "نەرجسیەت" بەکار هێنانی بەردەوامی دەستەواژەی "من"ە، لە دەست پێکی قسەی کەسی توش بوودا.
" خاەم سوێندی دەخوارد، من کوڕە پیرەزەکەی هەزی غەوسم".ل١٩.

"من،کە پەم دەڵێن برای سەرکردە، ئەو پیاوە وردبینەم کە هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت".ل٢٠.

“من، موعەمەر قەزافیم، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی کە ئیمانت بە هەز بێت”.ل٢٠.
.ل٢٠”“زگار بوون لە سەر دەستی من دێت

“من،موعەمەر قەزافیم، ئەو ئەفسانەی لە پیاوکەدا بەرجەستە بوو”.ل٢٢.
..ل٢٦”“منیش هەر قەزافیم،قەزافیش سەروەر
هەنگێ هەر لەبەر سەلماندنی ئەم نیشانە دیارەی نەخشیکە دەرونیە بێت لە قەزافیدا کە نوسەری هەمانەکە “یاسمینە خەزرا”لە تەکنیکی گێرانەوەی هەمانەکەدا پەنای بۆ بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاک “من” بردووە و تەواوی هەمانەکەمان لەسەر زاری قەزافی بۆ کەسی یەکەمی تاک بۆ دەگێڕێتەوە کە گوزارشتە لە دوا ساتەکانی شەوی کۆتایی ژیانی قەزافی لە شاری سیرت زێدی لە دایک بوونی خۆی لە سەروبەندی شەڕشی لیبیا لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا.

لەگێڕانەی ئەمشدا نوسەر بۆ شەوەی “فلاشباگ” و تەکنیکی “یاد هێنانەوە” دەگێڕێتەوە بۆ باسکردن لە دەورانی منداڵی و سەردەمی لاوێتی قەزافی و سەردەمی حکومەرانیە دور و درێژەکەی قەزافی و باس لە هەواوە جیاوازەکانی سەرکی لیبیا دەکات لەو سەردەمە جیاوازانەدا لە چەند ناوچەیەکی وەاتی لیبیادا.

“کە منداڵ بووم،خاڵم ناو بەناو لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ بیابان”.ل١٧،سەرەتای دەستپێکردنی هەمانەکە.

قەزافی کاتێک لە ساڵی ١٩٦٩ کودەتای بەسەر محمد پاشای سەنوسیدا کرد لە لیبیادا ئەو وەک کەسێکی هەڵگری بیری سۆشیالیستی دژ بە هەموو هەوتە ئاینیەکان لەو وەاتەدا مامەڵەی کرد، بەڵام لە هەمانکاتدا هاو شەوەی سەرکردە دیکتاتۆرەکانی تری هەژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا سودی زۆری لە ئاین بینی بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی پێگەی تایبەتی خۆی.
“من خوام لەگەڵ،ئەی هەر ئەو خۆی منی لە ناو ئەو هەموو پیاوەدا هەڵبژاردووە تا هەوبەووی زلهێزەکان و چاوچنۆکی لە هادەر بەدەریان ببمەوە بە هەژموون و دەسەڵات؟”.ل٢١.
منێکی موسوماانی منوەر کە هەمیشە بەسەر کۆتن و پیلانەکاندا سەرکەوتووم”.ل٢١.
لەگەڵ ئەمانەشدا زەر جار قەزافی کەرقی نەرجسیەتەکەی هێندە بەرز دەبێتەوە تا خۆی دەگەیەنێتە ئاستی خودا و پێغەمبەران و خۆی دەکات بە کەسێکی ئەفسانەیی.

کاتێک ژنە ڕۆژنامەنوسی ئیتاڵی "ئۆریانا فالاچی" چاوپێکەوتن لەگەڵ قەزافیدا دەکات،لە کۆتا پرسیاردا لەی دەپرسێت" تۆ باوەڕت بە خودا هەیە؟" قەزافیش لە وەڵامدا دەڵێت: "بەگومان، ئەوشتە ئاشکرایە، بەدڵنیاییەوە. بۆچی پرسیاری وا لە من دەکەیت؟" ئۆریاناش لە وەڵامدا دەڵێت:"چونکە وامزانی تۆخت خودایت".
"ئەوەی ئەمە من ووە بەووی بوەتوە، ئەم یاخیبونە نەخشە بە کێشراوە و ئەم جەنگە هەڵگیرسێنراوە ،بەڵگەیەکی ترە بە دروستی ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕەم،ئەی هەر ئەم ئەزموونانە نین کە خوداوەند دروست دەکەن؟".ل٢٢.
"منێکی موسوڵمانی منداڵەر کە هەمیشە بەسەر کەتن و پلانکاندا سەرکەوتووم ".ل٢١.
"ئەوەی من دەیەڕم کە لامە و لە ئاسمانەوە دێت،ئەوەیشی بیری لێدەکەمەوە پێشبینی پێغەمبرانەیە".ل١٠٣.

..ل٢٢٦""من چیتر سەرۆک نیم، من پێغەمبەرم

هەمیشە دیکتاتۆرەکان، لەتاو خود پەسندیەکی زۆر بەرزیان پێیان وایە کەپێویستیەکی حەتمین بە ئەو جۆگایەی کە فەرمانڕەوایی دەکەن و پێیان وایە ئەگەر ئەوان نەبن ئەو جۆگایە ناڕەت بەڕێوە و حکومەانی ناکرێت.قەزافیش هەمان بۆچوونی هەبوو.
..ل١٠٤""لیبیا بێ من نەگبەتیەکی بە ناو بە ئایندەیە
نوسەر بەردەوامە لە باسکردنی ڕەفتارە سێیر و سەمەرەکانی قەزافی بە هەی نەرجسیەتکەیەوە، ئەو پەمان دەڕێت هەر وەک چۆن سەدام حسێنی سەرۆک کۆماری عێراق بەهەی لە خەبایی بوونیەوە لە دەسەاتدا پێلاماری وەاتی کوێتی دا و ویستی داگیری بکات، ئاواش قەزافی هاوشێوەی ئەو لە ناوخەی لیبیادا چەند کارەکی پێلاماردانی ئەنجامداوە.
"چەند مانگێک دوای ئەوە کە بە هاواری ستایشی میللەتەکەم مست بووم،بیرم لە بۆزەکی تر دەکردەوە تا لە جیهاندا دەنگ بداتەوە، دوو دە بووم لەوەی لە نەوان ئەوەی فیرقەکانی بۆریتانیا لە وەاتەکەم دەر بکەم، یان بنکەی ئاسمانی ویلەس لە دەستی ئەمریکیەکان دەربهێنمەوە. ئەوە بوو دیسان شۆکیان ڤانکەخ هاتە خوەم و تەقاندمی. بە بیانی سەرباری دوو دەی پاساودراوی ئاوەژکارەکانم،بیاری خەممدا: نابێ خاچ پەرستان لە خاکە پیرۆزەکەی عومەر موختاردا بمێننەوە".ل٨٥.

یەکێکی تر لە ڕەفتارە سێیر و سەمەرەکانی قەزافی سەرۆکی لیبیا هەر لە واقیعیشدا، شانازیکردن بوو بە نوسینی"کتێبی سەوز" کە بریتیە

لە نامیلکەیەکی بچوک و ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥ بڵاوی کردەوە، نامیلکەکە لە سێ بەش پێکهاتووە تێیاندا بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە فەرمانڕەوایی و هەندێ چەمک و ڕێبازی سیاسی دەخاتە ڕوو.

ئەم سەرکەی لیبیا هەندێ شانازی بەم نامیلکە بچوکەوە دەکرد تا کار گەیشتەئەوەی پێیکەری بە دروستکرد لە لیبیادا.
کاتێک "ئەریانا ڤالاچی" ئیتاڵی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڤەزافی دەکات ناوبراو هەر پرسیارێک قورس بێت و نەتوانێت وەڵامی بداتەوە بە ڕێژنامە نوسەکە دەڵێت: لە کتێبی سەوزدا ئاماژەی پێکراوە و لەو کتێبەدا هەموو شتێک ئاماژەی پێکراوە.

ئەوەتا ڤەزافی لەم ڕستانەشدا دەڵێت:"من موسا بووم و لە شاخەکان هاتمە خوارێ، بەڵام لە بری لەوحی شەریعەتەکان کتێبی سەوزم بەدەستەوە بوو".ل١٩٤.
خوێکی تری ڤەزافی کە بەهەی نەرجسیەتەوە گیرەدەی بوو بوو،بریتی بوو لە زەمکردن و گاڵتەکردن بە سەرکردەکانی تری وڵاتانی نیشتیمانی عەرەب، لەوانە "بن عەلی" سەرکی تونس و " سەدام حسێن" سەرکی کەماری عەراق.

" ئای خوایە! بن علی، خوێیەک لە بەرگی سەرکردەدا".ل٥٣.

"دەی چەتە ترسنۆکەکان، کەمێک ئازایەتیتان هەبێت و وەرن بمگرن من نە بن عەلی و نە سەدام و نە بن لادنم".ل١٥٢.

ڤەزافی بەهەی لە خەیاڵی بوونی لە ئادەمیزادێوە کە بە درێژایی حکومڕانیەکەی وەڵای ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی کە بەرامبەر گەلی لیبیای کرد. پەی وابووە هەموو هاوکاتیانی ئەو وڵاتە وەک باوکی خەیاڵی ئەویان حیساب کردووە و خەشیان ویستووە، بەڵام کە زانی شڵەشیان کرد لە دژی، ئیتر لە دوا ساتەکانی ژیانیدا پێشیمانە لەوەی هەندەی تر دیکتاتەری نەنواندووە بەرامبەریان.
"دەبوایە نیوەی میللەتم لە ناو ببردایە تا نیوەکەی تر ڕزگار بکەم".ل٩٧.
"من پێشیمان نیم لەوەی کە لە سزادانمدا دەڕەق بووم،چونکە ئەوە هەم ڕەوابوو هەم پێویست بوو".ل٢١٧.

دوای ئەوەی کە دەگەنە لوتکەی دیکتاتەریەت و هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەم بەرامبەر میللەتەکەیان تاقی دەکەنەوە، بەڵام دان دەنێن بەوەی کە لە ترۆپکی فەرمانڕەوایدا هێشتا دەرونیان نا ئارام و

ترس بەرکیان پەدەگرێت.
ئەوتا قەزافی لەم مانەدا دەڵێت:"نا ئارامی نێ بگاتێ نا ئارامی فەمانەوا، نا ئارامیکی قورس و زاڵ و بەردەوام".ل١٧٤

جگەی ئاماژەیێ لێ کەتایدا پەویستە ئاماژە بێ ئەوە بکەین، کە ئەوکاتەی قەزافی لێ کەشک و تەلارێ ئاقیکانی خەی شەوی سوری لێگەڵ ئەو ژنانەدا بەسەر دەبرد کە دەی دەیخواستن، هەر گیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە کەتا شەوی ژیانی لێ بینای قوتابخانەیکی وەراندا لێ شاری سیرت بەسەر بەرێت.بەڵام تازە پەشیمانی دادی هیچ کەسکی نەداوە لێ مەژوودا.
.ل٢١٢.""من وام زانی کەتاییکی پرشنگدارم دەبێت
"دەبوو بێ قسەی هەگەشاقەزم بکردایە،پەشنیازی پەناهەندەیی بێ کردم وا نەبوایە ئەستا لێ قەنزوەلا دەبووم"ل٢١٢.
*سەرچاوە:
ە. ئازاد بەرزنجی. وەرگیراوە، بێ وتارکە. سەرچاوەیێک لێ بارەی چەمک و مەژووی ئەژهەڵاتناسیەوە" ن: یاسمینە خەزرا./ و: ئازاد بەرزنجی.

2.وتاری "کەسێتی نەرجسی" ن: زانا جەبار/ سود لێ پەیجی: ئەکخراوی ئەنما بێ وشیاری دەرونی و کەمەڵایەتی وەرگیراوە، بێ وتارکە.

ە. وتاری "سەرەتایەک لێ بارەی چەمک و مەژووی ئەژهەڵاتناسیەوە" ن: دیاری خالید/سود لێ ئەرشیفی ماڵپەری کوردستانی نوێ-٢٠١٥ وەرگیراوە، بێ وتارکە.

بڵاوکراوەی ژمارە 4

[بۆ خوێندنەوەی ژمارە 4ی بڵاوکراوە کلیکی ئەرە بکەن ...]

گـــــــــــــــــــرانی ... پشکۆ ناکام

... چەن سەیرە ، زۆر جار چەن ساڵێکی هەوڵ و تەقەلان بۆ هێنانەدی مەرامێکی سیاسی گەورە، لە ڕۆی کارێکی بچوك و کەم خایەنەوە یەتە دی و لە کۆ مەشقەتی هێنانە دی ئەو مەرامە دەبینەوە … بۆ نمونە کاتێك سەربەخۆیی کوردستان ئەبەستراتەوە بە دەرچونەوەی (مالکی) بۆ پەستی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمە خۆی لە خۆیا بیتاقەکەو دەست کەم کەس و میللەت ئەکەوێت کە خۆش بەختانە زۆر بە ئاسانی و بە (چەقەنەیەك) دەست ئێمە ئەکەوێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە لە سەر وەعدی سەرۆکی بنەماڵە گەر مالکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران ئەوا یەکسەر بۆ قەیدو شەرت هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئیعللان ئەکاو لە وە بە دواوە ئەبێت پەپاسەپارتی کوردی هاتو چۆبکەین جا ئێمە کە نزیك بوینەتەوە لە (ۆەمەزان) هەقی خۆیەتی وەزارەتی ئەوقاف ئیرشاداتی تایبەتی بۆ مزگەوتەکان بنڕێت کە لە نوێژی ڕۆژانی جومعەو پاشان جەژن، هەمو دوعا بکەین کە یاۆەبی کاکە مالکی سەرخەیت و کورسی سەرۆك وەزیران حاسڵ بکات خوا نەکردوە گەر ئەوزاتە (F16) ۆە کانیشی بە کارهێنا ئەوا ئەتوانین ئەو نەوتەی کە ئەدرێت بە تورکیا تۆزکی لێ زیا کەین و لە بری ئەو زیایەیە (دیفاعاتی جەوی) وەربگرینو بەرگری لە ئاسمانی بۆ غەل وغەشی هەرێم بکەین، ئەشکرێت لە نوێژی جومعەیا ئەو ئایەت و حەدیسانە بهێنرێنەوە بە نمونە کە نزیکە لە جەنابی مالکی یەوە وەك (مالکی یوم الدین) بەمەیش هەم خزمەت بە دینەکەو هەم خزمەت بە مەسەلە قەومییەکە ئەکەین کە هێنانە دی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە لە سەر دەستی نەیارێکی سەر سەختی خودی هەرێم و بودجەی هەرێم هەر لەم بوارەیش دا جۆی خۆیەتی کە جەند گرانییەك بە شانو باڵی (مالکی) یا هەبەین بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەی کە زوزو خەاتی پارتی وەردەگرن …

بۆ "حەلیمە"ی دایکم ... بایز مستەفا

١.
دایکم ..
سەرخەوکی سەر کانی گوندەکەمان بوو
شکانی بوو بە دیوارێک
لە نێوان دوو دونیای زەر جیاواز
٢.
دایکم ئەستێرەیەک بوو لە میهرەبانی
کە ڕۆژا ..
لە هیچ ڕۆژانێک نەدەچوو
ئەستاش
تەنها ڕۆژانی ئەستێرەکان
لە مەرگی دایکم دەچن
٣.
گەستان جەستەی دووەمی منە
چونکە دایکم ،
نیوەی ڕۆحی منی
پێکەشکرد بە گڵ
٤.
دایکم لەسەر بەرماڵەکەی
نوێژی بۆ خوداو
پاڕانەوەشی بۆ من بوو
نازانم لەم عیبادەتە
چی بۆ خۆی دەمایەوە ؟!
٥.
هێند گران بوون ،
گوێیەکانی دایکم
خۆک ، بۆ ئەستەم پێی دەجوڵان
کەچی دەیانگوت
لە بەشکەدا ، بۆو منداڵییەم
بۆ باڵی نوزەیەک بەرزمدەکردنەوە !!
خۆک نایدزانی ،،
ئەو ، گوێیەکانی بۆ من بەخشیبوو

بۆیە ،جیاوازی نێبوو بۆی
گوێ لێمن بگرێ یا لێ خۆی
.٦
منداڵیی و دایکایەتی
بۆ قەد منداڵ و دایک
لێیکدێن
.٧
دوو شتی پیرۆزم هەبوون
دایکم و منداڵیم
ئێستا بێ بە هەردووکییان
چ بەناز کێ ڕازا قورسم
.٨
تاقانەی خوشک و برابووم
بۆ تۆنها دوای مەرگی دایکم
زانیم ،
برایەکی گەورەم هەیە
ناوی "مردن" ە
.٩
بۆ دێ ، حەزم لێ زیندوبونەوەیەکی تر
تۆنها بۆ ئەوەی جارێکیتر
یەکێک هەبێت ،
پێ بە دەمی خۆم ، بانگی بکەم : دایە
.١٠
دوای مەرگی دایکم ، زانیم
ئێتر بۆ هەتا هەتایە
بۆم نیە وشەی " دایە " بەکاربێنمەوە
" چ کارەساتێک بوو گەلە ،
مەرگی ئەو "
.١١
دایکیشم مرد و
هەر سێ کەس ،
لە سەر سفرەی ژیانکان ماینەوە
بێبەش ، ئەمجارەیان
من و باوکم و هەژاری
.١٢
دایکم مرد و
سەرم بەرزکردەوە

سێر لەوەدابوو ، لە دوای دە ساڵ
یەکەمجارمبوو هەستبکەم
ماڵمان ، لە کۆنە مەکتەبی " فاتیمە " ی
گەڕەکەکی کۆنی شاری ‘کۆیە’یە
.١٣
گەر ژنێک ،
شانازی دایکایەتی
بە پیاو ببەخشێ
بەشی هەموومان دەکات

(بایز مستەفا)

ڕۆگایەک بەرەو زیندان … هیوا سەعید

فیلمی ڕۆگا یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانی یەماز گونەی، براوەی چەخورمای زێرینە لە فیستیڤاڵی کان، کە ئەوکات یەکەم فیلم بووە لە ڕۆژهەاتی ناوەاست ئەو خەاتەی پێدراوە. ئەو فیلمە بە دایەلۆگێکی کەم زیاتر بە زومی کامێرا باس لە پێنج زیندانی دەکا بە مێەتی کاتی بە ماوەی هەفتەیەک لە زیندان بەردەدرێن.
زیندانییەکیان هەر ڕۆژی بەربونەکەی بەهەی ونکردنی کارتی مێەتییەوە لە ڕۆگا لە بازگەی پشکنین دەگیرێتەوە. زیندانییەکی تر ئەو هەفتەمێەتە دەکاتە هەلێک بۆ ئەوەی ژنێکی تێدا بەادان بدا و دوای زیندان بیگوازێتەوە. لە کن ئەو زیندانییە ژن جگە لە کاایەک بۆ تێرکردنی ئارەزوی پیاو هیچی تر نییە. لە داخوازی کچێکدا پێی دەڵێ:
کە بەربووم یەکسەر دەتگوازمەوە.
وەک سەرکی خەزان هەموو قسەیەکم ڕاستە، دەبێت هەمیشە بە قسەم بکەی.
کە وتم ماست ڕەشە، ڕەشە.
نابێت لەگەڵ پیاوان بدوێی یان پێبکەنیت. زۆر توڕە دەبم.
لەگەڵ هیچ پیاوێک قسە ناکەی تەنیا برا و خزمی نزیکت نەبێ.

چیم وت دەبێ بیکەیت، بەرپەرچی قسەکانم نادەیتەوە.
نابێ بڵێی ئەمەم دەوێ و ئەوەم دەوێت. ئەگینا زۆر توڕە دەبم زۆر.
من پێت دەڵێم چ بکەی و چی لەبەر بکەیت. تێگەیشتی؟
لە وەڵامدا کچەکە دەڵێ: باش، چەند بە جوانی قسەت کرد ئەوە لە زیندان فێربووی؟ مەبەستی لەو شێوەدەربڕین و پرسیارکردنە دیوە پڕچەوانەکەیەتی، واتا دیارە دەتەوێ زیندانیم بکەی!

لە کۆمەڵگا لێک بەستراوە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوکەوتی خوشک لەسەر برا و هی کوڕ لەسەر باوک و هی ژن لەسەر مێرد و بە کورتی هەڵسوکەوتی هەر یەکێک لەو ئەدامانەی بنەماڵە دەکەوێتە ئەستۆی یەکتر. بەو مانایەی مرۆڤ لە دایکی وا بەس خاوەنی کردەوەکانی خۆی نییە، کەس و کارەکەیشی پشکیان لە هەڵە و ڕاستییەکانیدا بەردەکەوێت. ئەو برایەی بە تۆمەتی ئەوەی لە باخێکدا لەگەڵ کوڕێک بینراوە خوشکەکەی خۆی دەکوژێ. ئەوەی دەبێتە پاڵنەر بۆ کوشتن ژوانەکە نییە، بەڵکو پێزانینی خەڵکییە بە ژوانەکەیان. ئەوەش سزای کۆمەڵگای لێک بەستراوەیە وادەکا پێزانینی خەڵکی ببێتە ئەو فشارە بەهێزە شەرمەزاری بنەماڵەکەی لێبکەوێتەوە و شکۆی تەواوی ئەندامەکانی پێوە بشکێ. لێرەدا چۆن خوشکەکە دەبێتە قوربانی ئەو کۆمەڵگا لێک بەستراوە و ناتوانێ مومارەسەی ئازادییەکانی تێدا بکا، دیسان باوک و برایەکەیشی یان لێمەکەرەکانیش کە خەڵکن ئەوانیش قوربانییەکی ترن. چارەسەریش بە گیرانی بکوژ و خەتابارکردنی ئەو لێمەکەرانە ناکرێ وەک ئەوەی ئەوان بونەتە هۆکاری ئەم تاوانە. چارەسەر ئەوەیە پێناسەی ئەخلاق و ژیانی کۆمەڵگا بەشێوەیەک دابڕێژرێتەوە چاکە و خراپەکانی مرۆڤ وەکو تاکێک هەرخۆی لێی بەرپرسیار بێ. بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەش دەبێ سەرەتا کلتوری کۆمەڵگاکە هەڵوەشێنرێتەوە. بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتەی زیندانییەکی تریان چونکە لەمڕۆ گیراوە و لەو ماوەیەش هاوسەرەکەی بەرگەی تەنیایی و بێ پارەیی نەگرتوە پەنای بردۆتە بەر لەشفرۆشی، ئەویش وەک مێردێکی خیانەتلێکراو لە نێوان لێبوردەیی و ویستی دەوروبەر کە بۆیاری ئەوەی بەسەر دەسەپێنن پێویستە ئەو لەکە هەشە لە ژوی لابا و شەرەفی خۆی و ئەوان بکوژێتەوە. ئەو یەکەمیان هەڵدەبژێری و دەستی ناچێتە خوێنی و هەشتا خۆشیدەوێ.

کاتێک لەناو پاس و میترۆکانی تورکیا دێدارەکان گەمە و دەستەملانێیانە ئەوە پێشکەوتوخوازی وەک گونەی شەڵی لەپێناو کردووە. لە دیمەنێکدا زیندانییەک لەبەرئەوەی دەمێکە لە جەستەی ژن بە دوورە کە دەگاتە ژنەکەی هەر لە ڕێگا و لە ئاودەستی

شەمەندەفەردا دەستبازی لەگەڵ دەکا. ئایا لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو خەڵک بەسەر دیمەنێکی لەو جۆرە دابچن چ کاردانەوەیەکیان دەبێ؟
دوای ئەوەی لێیان لە هەڵا دەدەن و سوکایەتییەکی زۆریان پێ دەکەن، ئەفسەری لێپێچینەوە بە پیاوەکە دەڵێ: شەرمت بەخۆت نییە؟ ئەویش دەڵێ: ئەوەی لای تۆ شەرمە، بۆ من وەک پێویستییەکە.
دواتر ئەو زیندانییەش لە تاڵەی خۆن و دوژمنداری دەکوژرێتەوە.

زیندانییەکەی تریش خەڵکی گوندەکانی سنووری نێوان تورکیا و سوریایە، بە بیانوی کاری قاچاخی ناوچەکەیان مینەڵژکراوە، لە ڕاستیدا ئەو مینەڵژییە لەبەر جوڵانەوەی کوردەکانە و حکومەت هەر بە چاندنی مین نەوەستاوە لە پاڵ ئەمە بە ڕۆژ خەریکی هەشبگیری و بە شەو خەریکی تەقەکردن و کوشتنە لەو سنووڕە. براگەورە بەرمینکەوتوەکەی ئەو زیندانییە دەڵێ: ئەوەی حاڵی لە قاچاخچیان خراپترە کوردەکانن.

لە کۆتایی پەیامی فیلمەکە ئەوەیە ئێمە هەموومان زیندانین. زیندانین لەناو عەسکەرتاریییەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان کە ژیانیان لە هاوڵاتییان کردووە بە سەربازگە، زیندانین بەدەست ڕۆساکانی ئایین، زیندانین بە داب و نەریت و بیرکردنەوەی خەڵەکییانە، یان وەک کەمینە زیندانین بە شۆڤێنییەتی نەتەوەی زۆرینە و سەردەستە. کەواتە لە دەرەوەی زیندانەکانی دەوڵەتیش هەریەکەمان لە سوچێک لە زیندانێکی تر داین.

ڕاگەیاندراوێک لە کۆمپینی تەندروستیمان بۆ فرێشتن نیە …

تاڵانکردنی تەندروستی لە لایەن وەزیری تەندروستیەوە ڕاگرن: هاوڵاتیانی خۆشویست… نەخۆشە بە دەرمانکانی کورستانبەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی، لە سەرەی هەموشیانەوە خودی وەزیری تەندروستی لە ڕۆی سیاسەتە سەقەتکانیانەوە ئەویان بە دەرمان و بە خزمەتگوزاری کردووە. منەڵکانی ئەوە بەهەی

کەمتەرخەمی ئەوانەوە دەستیان دەبەدرێتەوە. باوک و دایک و باپیر و داپیرەکانتان چاویان کوێر دەکرێ. برا و خوشک و دایک و باوکتان بە هەی دەرزی ئیکسپایەرەوە گیان لە دەستدەدەن. رۆژانە سووکایەتی بە خزانەکانتان دەکرێ و لە هەڵەکانی لە دایکبوون جوێنی ناشرینیان پێ دەدرێ. ئێندامانی خزانەکانتان ناچار دەکرێن لە دەرمانخانە و کەکاگانی ئەوان دەرمانی گران بکڕن و دەست بەووویانەوە دەگیرێ و دەرمان و خزمەتیان لە خەستەخانە گشتیەکانا پێشکەشناکرێ.هاوکات، ئەو بەرپرسانە خەریکی تیجارەت و بازرگانی و خۆ دەوڵەمەندکردنن. زەربەیان بە دەیەها پرۆژەی بازرگانیی و کەمپانیا و کۆگای دەرمان و نەخۆشخانەی تایبەت و بزنسی گەورەی تەندروستییان هەیە. خزم و کەسوکاری خۆیان لە باشترین پۆستە حکومییەکاندا داناوە و کاری نەشیاو و گەندەڵییان پێ دەکەن. ئەمە وەکو کەمپینی تەندروستیمان بە فرەشتن نیە لە پێناوی ئەوە بیارمان داوە دەستیان لە نەپارێزین و هەر جارەو گەندەڵیی و خەدوڵەمەندکرنی بەپرسێکی تەندروستی ئاشکرا بکەین. ئەم جارە بە خودی وەزیری تەندروستیەوە دەستپێدەکەین. وەزیری تەندروستی سەرباری ئەوەی زەرترین کاتی دراوەتی و لە کابینەی پێشووەوە وەزیرە جگە لە ماوەرانی بە تەندروستی و خەدوڵەمەندکردن هیچ دیکەی نەکردووە. ئەوتا وەکو لەم وێنانەی لەگەڵ ئەم ڕاگەیەندراوە بڵاویدەکەینەوە لە خەشترین شوێنی شاری سلێمانی گرانبەهاترین قیللای دروستکردووە. ئەمە دەپرسین، ئاخە وەزیرێک ئەگەر دەستی لەگەڵ بازرگانەکانی بوارەکانی دەرمان و نەخۆشخانەی تایبەت و کەمپانیاکاندا تێکەڵ نەکردبە دەتوانێ بە مووچەی وەزیریەوە قیلای ئاوەها دروستبکا؟ ئایە هەوای هەڤە لە کاتێکدا ئەوە بە دەرمان و بە خزمەگوزارین و پزیشکان و کارمەندان بە مووچەن، ئەو و هاوشوێکانی بەم شێوەیە خەیان دەوڵەمەند بکەن؟ ئەمە لە کەمپینی تەندروستیمان بە فرەشتن نیە داوا لە داواکاری گشتی و ئێندامانی پەرلەمان و هەکخراوەکانی کەمەگای مەدەنی و میدیاکان دەکەین کە چیتر بەدەنگ نەبن لە سەر ئەم ناهەقیانە. داوا لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەوەست دەکەین دەنگی لەگەڵ ئەمە هەبڕێ و داوای کۆتایی هێنان بە تاڵانکردنی تەندروستی خەڵک بە پێکردنی گیرفانی کەمەڵێک بازرگانی نا وەزارەتی تەندروستی بکا. دنیاتان دەکەینەوە کە ئەمە یەکەم و دوا هەنگاومان نابێ و بەردەوام دەبین لە پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەو ناهەقیانەی وەزیری تەندروستی و بەرپرسەکانی دیکە لە ناو وەزارەتی تەندروستیدا. کەمپینی تەندروستیمان بە فرەشتن نیە

۲۰۱۷/۵/۱۷